# شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی تازە لە ئەمریکا

ن/ د.سعدالدين ابراهيم
و/هێمن مەحمود
HEMNM1979@YAHOO.COM

پێشتر لەشوێنێکی دیکەدا وتومانە بەهاتنە ناوەوەی ژنێك( کە ئەویش هیلاری کلینتۆنە) و ئەمریکی –ئەفریقیەك کە ئەویش (باراك حسێن ئۆباما)یە بۆ ناو ململانێیەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، چونکە ژنە ئەمریکییەکان توانیان دواهەمین مافە مەدەنی و سیاسیەکانی خۆیان بەدەستبهێنن کە لەبیستەکانی سەدەی بیستەمەوە بەدوایەوەن، لەدوای ئەوانیشەوە و دوای چل ساڵ رەش پێستەکانی ئەمریکاش توانیان ئەو مافانە بەدەست بهێنن.

بەڵام بەدەست هێنانی ئەم مافانە لەسەر کاغەز شتێکە و مومارەسەکردنیشی لەسەر واقیعد شتێکی دیکەیە، هەربۆیە چەندین دەیەیە ژن و رەش پێستەکان لەو مومارەسەکردنی فیعلی ئەو مافانە بێبەشن، ئەویش بەهۆی تەقالیدە جیاواز و موحافیزکارەکان.

بەم دواییانەش نەبێت هیچ ژنێك یاخود رەش پێستێك بۆ ئەندامێتی کۆنگرێس و عومدەی شارەکان یاخود حاکمی ویلایەتەکان هەڵنەدەبژێردران، بەڵام خۆپاڵاوتن بۆ بەرزترین پۆستی سیاسی لەوڵاتدا کە ئەویش سەرۆکی وڵاتە بە بازدانێکی گەورە لەو بوارەدا دەژمێردرێت.

لەچەند رۆژی پێشوتریشدا پاش ئەوەی ئۆباما توانی لە هیلاری بباتەوە و ببێتە نوێنەری دیموکراتەکان، هیلاری دانی بەشکستی خۆیدا نا و رایگەیاند کە ئەویش ئیدی پشتگیری (رکابەری پێشوتری) ئۆباما دەکات و داواشی لە لایەنگرانی خۆی کرد کە ئەوانیش دەنگ بۆ ئۆباما بدەن.

لەهەموو حاڵەتێکدا سەرکەوتنی ئۆباما و دەستنیشانکردنی وەك نوێنەری دیموکراتەکان بەهەموو پێوەرێك بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەژماردەکرێت، یەکەم لەبەرئەوەی ئەمە یەکەم جارە لەهەموو مێژوی ئەمریکادا رەش پێستێك بگات بەو ئاستە، دووەمیش ئەمە یەکەم جارە لەمێژوی ئەمریکادا کە کەسێکی بەبنەچە موسڵمان بگاتە ئەو شوێنە.

ئەوە راستە کە ئۆباما چەندین جار ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە ئەو مەسیحیە و ئەندامی کەنیسەیە، بەڵام هەرگیز بنەچە ئەفریقیە موسڵمانیەتیەکەی باوکە کینیەکەی رەتنەکردۆتەوە.

بەڵام ئەمەش رێگای لە رکابەرە سیاسیەکانی نەگرتوە بەوەی گومانی نا مەسیحیەتی لێبکەن.

هەروەها ناوی باوکیشی هەمیشە دێنن کە ناوی حسێن ە و خەڵکی ناوی (سەدام حسێن)ی دیکتاتۆری عیراقیان بیردەکەوێتەوە، یاخود بەناوهێنانی ئۆباما خەڵکی ناوی( ئوسامە بن لادن) ی سەرۆکی رێکخراوی قاعیدەیان بیردەکەوێتەوە.

ئۆباما زۆر ئازایانە و راستگۆیانە روبەروی ئەو هەموو گومان و ناوناتۆرانە بوەتەوە، و زۆرینەی ئەمریکیەکان بەراستگۆی دەزانن، هەربۆیە زۆرینەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش دەنگیان بۆ دا و توانی لەهیلاری کلینتۆنی ژنی سەرۆکی پێشوی ئەمریکا (بیلێ کلینتۆن) بباتەوە.

بەقەدەر ئەوەشی کە لێکۆڵەرەوان و شارەزایان لەسەر جازبیەتی کەسایەتی ئۆباما و لەسەر کاریگەری و راستگۆیی ئەو لەسەر گرنگی "گۆڕانکاری" بۆ چەمکەکان و سیاسەت و مومارەسەکان کۆکن، هێندەی ئەوەش ئۆباما ئیلهام بەخشە بۆ نەوەیەکی تەواوەتی لەگەنجانی ئەمریکا کە تا ئێستا هیچ گرنگیەکیان نەداوە بە سیاسەتی دەرەکی، بەڵام بۆ ئۆباما نەك هەر بە دەنگدان، بەڵکو خۆبەخشانە کاریان بۆ هەڵمەتی بانگەشەکردنی دەکرد و کۆمەکێکی زۆری بێ وێنەیان لە مێژووی هەڵمەتەکانی بانگەشەکردندا لەئەمریکا بۆ کۆکردەوە کە هەر ئەمەش وەهایکرد لە سەرۆکی پێشوتری ئەمریکی بیل کلینتۆن

كه خاوەنی ناوبانگ و شارەزاییەکی بەرفراوانە لە هەڵمەتەکانی بانگەشەکردندا بڵێت (ئەمە یەکەمجارە کە ئەوپاڵێوراوانەی رکابەریێتی ئۆباما دەکەن خۆیان لەبەردەم بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەریی بێ وێنە دەبیننەوە).

بەڵام راستی ئەمە ئەوەیە کە خودی کۆمەڵگای ئەمریکی لەماوەی پەنجا ساڵی رابوردودا بەشێوەیەکی قوڵ و گەورە گۆڕاوە، هەرچەندە گۆڕانەکە خێرا نیەو لەشەستەکانی سەدەی رابوردووەوە دەستیپێکردوە ئەو کاتەی کە (جۆن کەنەدی) بو بەسەرۆکی ئەمریکا، ئەم سەرۆکە هەرچەندە سپی پێست بوو و وە لەخێزانێکی دەوڵەمەند بوو بەڵام بە بنەچە ئەیرەلەندییەکی کاسۆلیکی بوو، واتە سەربە کەمینەیەکی ئاینی بوو (ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆرینەی ئەمریکیەکان سەر بە کەنیسەی پرۆتستانتین)، هەروەها ئەم سەرۆکە بچوکترین پاڵێوراوبوو بۆ ئەو پۆستە ولەچلەکانی تەمەنیدا بوو.

لەوکاتەدا واتە ساڵی 1960 لێدوان و گومانەکان هاوشێوەبون و دەیانوت ئەم گەنجە کاسۆلیکیە و لەلایەن رکابەرەکانیشی لە حیزبی کۆماری ئەوەیان پێ دەوت کە کەم ئەزمونە لەکاروباری نێودەوڵەتی دا، و جیهانیش لەلوتکەی شەڕی سارد دایە.

سەرەڕای هەموو قسەو گومان و ترسێك (جۆن کەنەدی) توانی لەزۆرینەی پرۆتستانتی بباتەوە و بەسەر رکابەرە شارەزاکانیدا زاڵببێت.

زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان وەك یەکیەکی زۆر دەبینن لەنێوان ئۆباما و کەنەدی دا، پرسیاری گەورە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئۆباما زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت وەك چۆن جۆن کەنەدی بەدەستی هێنا.

هێشتا کاتەکە زووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، هەرچەندە چەندین ئاماژەی بەهێز هەن لەلایەن رای گشتیەوە ئەوە دەسەلمێنن کە ئۆباما شانسی دەرچونی لە جۆن مەکین زیاترە.

یەکێك لەدیاردەکانی گۆڕان لە ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو دوو نەوەیەی کە لەدوای جەنگی جیهانی دوهەمەوە لەدایکبون توانیویانە بەسەر زۆرێك لە گرێ و لایەنگرییە رەگەزیی و ئاینییەکان تێپەڕێنن، و ئێستا ئەوانە نیوەی دانیشتوانی ئەمریکا پێك دەهێنن، کە ئەم نیوەیەش نیوەیەکی گەنج و چالاکە.

هەر ئەمانیش گرنگی بە گۆڕان دەدەن چونکە ئەوان نیوەی تەمەنی خۆیان لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەسەردەبەن، ئەو نیوەیەی کە کۆمەڵگایەك دەبینن فرەیی و جیاوازیی و هەمەڕەنگی تیادایە.

ئایا کێ لە ئۆباما زیاتر (کە لە خێزانێکی فرەرەنگی ئاینی و رەگەزیی لەدایکبوە و بنەچە و شارەزایی لەنێوان سێ کیشوەردا"ئەمریکا و ئەفریقیا و ئاسیا" دابەشبوە) دەتوانێت نوێنەرایەتی ئەم هەموو گۆڕان و گۆڕانکارییە بکات؟.

سەرچاوە/

سایتی رۆژنامەی (المصرى اليوم).